ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## چێک کردن بە Panda Active Scan.

نووسەر: :@

### چێک کردنی کۆمپیتەر بۆ ڤایرۆس بە Panda Active Scan.

Panda Sctive Scan ئەو خزمەتگوزاریەی پرۆگرامی دژەڤایرۆسی بەناوبگ Panda ـیە، کە بەشێوەیکی خۆڕایی لەسەر ئینتەرنێت کۆمپیوتەر چێک دەکات بۆ دڵنیا بوون لە ڤایرۆس نەبوون لە نێو کۆمپیوتەردا.

هۆی هەڵبژاردنی Panda Active Scan،

زۆر پرۆگرامی دژە ڤایرۆسم تاقیکردۆتەوە، بەڵام هیچ پرۆگرامێک بە قەد Panda دڵنیای نەکردم لەوەی کە کۆمپیوتەرەکەم پارێزراوە. هەروەها تایبەتمەنی خاوێنکردنی پەڕگە پاش تووشبوونی تایبەتمەندیەکە کە تەنیا ئەو پرۆگرامە هەیەتی و هیچ پرۆگرامێک تا ئێستا نەیبووە، یان گەر هەیبووبێت توانای خاوێن کردنی پەڕگەی نیە پاش تووشبوونی.

سوودی چێک کردن بەم ئامرازە چیە؟

وەک شتێکی روونە کە کۆمپیوتەر ئەمڕۆ بەبێ پرۆگرامی دژەڤایرۆس ناتوانێ بژی، بەڵام هەموو پرۆگرامێک کەم و کوڕی خۆی هەیە، بۆ نموونە من کە Norton Antivirus 2005 بەکاردێنم، هەندێک جار کە سەردانی ماڵپەرێک دەکەم و ڤایرۆسێک یان پەڕگەیەکی گومان لێکراو دێتە نێو کۆمپیوتەرەکەمەوە، ئاگاداری پیشان دەدات کە دەڵێت: ڤایرۆسێک هاتووەتە نێو کۆمپیوتەرەکەت و خاوێنکردنی کۆمپیوتەر سەرنەکەوت و ناتوانرێ پەڕگەکەش بسرێتەوە.

لەو کاتەدا چاکترین چارەسەر ئەوەیە کە ئامرازێکی وەک Panda Active Scan بەکار ببەم و دڵنیا بم لەسرینەوەی ئەو ڤایرۆسە. ئەگینا لە داهاتوودا زۆرتر دەبێت و کێشەکە گەرەتر دەبێت.

برۆ بۆ بەشی چێک کردنی ماڵپەری هەموو بۆ کوردان.

پاشان کرتە بکە سەر وێنەی Panda Active Scan.




دەبرێیتە سەر ماڵپەری پرۆگرامەکە/بەشی تایبەت بەم خزمەتگوزاریە. کرتە بکە سەر Scan Your PC.

Next کرتە بکە، پاشان زانیاری تایبەت بە شوێنی ژیان هەڵبژێرە. بۆ بەردەوامبوون Next کرتە بکە.




1> پۆستێکی ئەلەکترۆنی بنووسە. (گەر ڕاستیش نەبێت گرنگ نیە).
2> Send کرتە بکە بۆ پێشەوەچوون.
بۆ ئەوەی پرۆگرامەکە بەشەکانی نێو کۆمپیوتەرەکەت بناسێتەوە، ئەبێ پەڕگەیەکی بچووک دابگرێت.




وەک لە وێنەی سەرەوە ڕوونە Yes کرتە بکە بۆ ئەوەی ئەو پەڕگە پێویستانە دابگیردرێت و بتوانی چێک کردنەکە بەسەر ببەیت.
چەند چرکە یان خولەکێک پێویستە بۆ جێبەجێکردنی داگرتن. خێرای و خاوی دەگەڕێتەوە بۆ سەر خێرایی ئینتەرنێتی خۆت.




پاش تەواوبوون لە داگرتن بەبێ کێشە، پەنجەرەکە بەشەکان و شوێنەکانی نێو کۆمپیوتەرەکەت پیشان دەدات.




4> ئەو شوێنەی هەڵبژێرە کە دەتەوێ چێکی بکەیت، پێم باشە هەموو کۆمپیوتەرەکەت بێت بۆیە کرتە بکە سەر All My Computer.
لەهەمان کات دا دەتوانی چەند هەڵبژاردنێک هەڵبژێری بۆ باشتر جێبەجێکردنی چێک کردنەکە.
5> ئەو پەڕگەی کە ڤایرۆس گرتوویەتی بە شێوەیەکی خۆکار خاوێن بکرێتەوە، (ئەبێ چالاک بێت).
6> بە چالاک کردنی ئەم خاڵەش، پەڕگە پێچراوەکان بۆ نموونە وەک Zip و Rar چێک بکات.
7> هەروەها پەڕگەکانی تایبەت بە پۆستی ئەلەکترۆنی کە لە پرۆگرامەکانی وەک Outlook Express دا هەن.
8> گەر ڤایرۆسێک دۆزرایەوە و نەناسراو بوو و نەتوانرا لە پەڕگەکە جیا بکرێتەوە، بسڕێتەوە. (چالاک کرد نی ئەو خاڵە مەترسی

ئەوەی هەیە، کە گەر پەرگەیەک لە پەرگەکانی سیستەم تووشی ڤایرۆس بووبێت و نەتوانرێ خاوێن بکرێت، دەسڕێتەوە، بۆیە چالاک کردنی یان نەکردنی تایبەتە بە خۆت).

<9 پەرگەکانی Trojan بسڕیتەوە.

پاش ئەوەی کە کرتەت کردە سەر All My Computer، چێک کرن دەست پێدەکات.




<10 ئاستی چێک کردنەکە.

<11 وازلێهێنان.

<12 پەرگە چێک کراوەکان.

<13 تووش بووەکان.

<14 گوومان لێکراو.

<15 خاوێن کراو.

کاتی پێویست بۆ تەواوبوونی چێک کردنەکە، دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو شوێن یان پەرگانەی کە دەستنیشانت کردوون.

پاش تەواوبوون بۆت دەردەکەوێت کە کۆمپیوتەرەت ڤایرۆسی تێدا بێت یان نە، بۆ نموونە کۆمپیوتەری من ڤایرۆسی تێدا نەبووە و نووسیویەتی No Viruses Has Been Found.

تێبینی: نابێ پشت بەم ئامرازە ببەستی وەک پارا ستنێکی هەمیشەیی کۆمپیوتەرەکت لە ڤایرۆسەکان. ئەمە تەنیا شتێکی کاتیە و پرۆگرامێکی دامەزراو نیە کە کۆمپیوتەرەکەت لە کاتی کارکردنیدا بپارێزێت.

گەر پرۆگرامی دژە ڤایرۆست دانەمەزراندووە و لێرەشی، دەتوانی سەردانێکی خێرای ئێرە بکەیت و هەندێک زانیاری بەدەست بێنی و تا پرۆگرامێک دانەمەزرێنی نەگەڕێتەوە سەر ئینتەرنێت :).

کۆتایی.

---

Oct 2005 13

**Dentist in Poland**
Professional Dental Care in Poland Implants, Crowns, Bridges, Veneers

**Chin Bar**
Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!

Ads by Google